# نووسینی ژنانە
# ڕۆمانی (ئەڵوەن)ی ئەحلام مەنسوور بە نموونە

**محەمەد ئەحمەد حەسەن** [١]

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

Corresponding author's e-mail: mohammed.hasan@su.edu.krd

## Abstract

The subject of women writing and women author in the present is the subject. The aim of this research is to investigate the women's abilities in text invention in the Kurdish literature. Their efforts in addressing the pain in the Kurdish society. This research consists of two chapters. The first chapter is an attempt to present the context and lexical of women's writing. In the first part we tried to present the differences and specific features of women's writing. However, the second part is titled (the women's world in Alwan Novel) this is a practical section. This consists of three chapters. The reasons behind this is to show the women's text in the Kurdish literature. For this reason we took the (Alwan) novel as an example. In the first chapter, we discussed about the women's story telling. To understand how much this novel addressed women's features and specialties. In the second chapter we discussed the body language of this novel while we dealt with women's symbols in the third chapter. At the end of this research we presented the results of this research alongside with the references.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٥ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠١٩/٩/١٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٢/٣ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mohammed.hasan@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠د.محەمەد ئەحمەد حەسەن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص البحث

موضوع الكتابة النسائية و كتاب نسائيين في المعاصر، موضوع مشوق و منتج، والهدف من الكتابة والبحث في هذا المجال، هو معرفة كتاب نساء في الأدب الكردي و مدى قدراتهن على إنتاج النص الإبداعي، وسعيهن و نضالهن في كتابة و عرض آلامهن و معاناتهن في مجتمع كمجتمع الكردي. هذا البحث يتكون من فصلين أساسيين. الفصل الأول، الذي هو فصل نظري، يتكون من مبحثين. في الفصل الأول حاولنا عرض مفهوم ومصطلح الكتابة النسائية. في الفصل الأول حاولنا عرض تمايز و خصوصيات الكتابة النسائية. أما في الفصل الثاني، بأسم (كتابة النسائي في رواية ئه لوه ن )، وهذا يعد الجانب التطبيقي في البحث، و هذا الفصل يتكون من ثلاث مبحاث. نحاول عرض النص النسائي في الأدب الكردي، وكنموذج اخترنا رواية (ئه لوه ن )، من تاليف (احلام منصور ). في المبحث الأول تحدثنا عن السردية النسائية، و مدى وجود مواصفات و خصوصيات الكتابة النسائية في هذه الرواية. في المبحث الثاني تحدثنا عن لغه الجسد في هذه الرواية. في المبحث الثالث تحدثنا عن رموز و آيقونات نسائية في هذه الرواية. وفي الختام قمنا بعرض نتائج البحث في نقاط مختصرة، مع عرض المراجع و المصادر.


**وشه كليل: نووسینی ژنانه، ژن، گێڕانەوەی ژنانە، گێڕانەوە، ڕۆمان**

## پێشەکی

بابەتی نووسینی ژنانە و نووسەری ژن لە ئێستادا بابەتێکی سەردەمیانەیە. ئەویش بە ئامانجی ئەوەی تاکوو چەند نووسەرە ژنەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا توانیویانە دەق داهێنەرانە بنووسن. هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان لە ڕێی نووسینەوە بۆ خستنەڕووی ئازار و مەینەتیەکانیان لە کۆمەڵگەیەکی وەکوو کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەدەبیاتی گێڕانەوە بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی بۆتە پانتاییەکی باش بۆ ئەوەی نووسەری ژن لەوێدا هەوڵی گەڕان بە دوای ناسنامە و بوونی خۆیاندا بگەڕێن. ئەم هەوڵەی ئێمە دەچێتە ناو خانەی لێکۆڵینەوە لە چەمکی نووسینی ژنانە، ئەو چەمکە تاکوو ئێستا لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا نوێیە و ئاوڕی جددی لێ نەدراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لە دوو بەشی سەرەکیی پێکدێت. بەشی یەکەم، کە لە دوو پار پێکدێت، کە بەشێکی تیۆرییە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چەمک و زاراوەی نووسینی ژنانە، هاوکات سنوورەکانی ئەم چەمکە و ڕیشەکەیمان ڕوون کردۆتەوە، پاری دووەمی بەشی یەکەم هەوڵمانداوە تایبەتمەندی و جیاوازی نووسینی ژنانە بخەینەڕوو، ئەویش بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو بۆچوونانەی لەم بارەیەوە هەن. بەمەیش توانیومانە سنوور و چوارچێوەی نووسینی ژنانە دەستنیشان بکەین.

هەرچی بەشی دووەمە، بەناوی (جیهانی ژنانەی ڕۆمانی ئەڵوەن)، بەشێکی پراکتیکییە. ئەم بەشە لە سێ پار پێکهاتووە. ئەویش بە مەبەستی دەرخستنی دەق ژنانە لەناو ئەدەبی کوردیدا. بۆ ئەمەیش نموونەی ڕۆمانی (ئەڵوەن)ی "ئەحلام مەنسوور"مان وەرگرتووە. لە پاری یەکەم باسی گێڕانەوەی ژنانەمان کردووە، بەوەی تا چەند ئەم ڕۆمانە، سیما و خاسیەتی ژنانەی پێوە دیارە، هاوکات لە ڕووی تەکنیک و هونەری ڕۆمانەوە دەقێکی چۆنە! لە پاری دووەمدا باسی گوتاری جەستەمان لەم ڕۆمانەدا کردووە، ئەو جیهانبینی و تێڕوانینانە لەم ڕۆمانەدا لەبارەی جەستەوە هەن خستوومانەتەڕوو. لە پاری سێیەمدا باسی ڕەمزی ژنمان لەم ڕۆمانەدا کردووە، ئایا ڕۆماننووس چۆن باسی ژن لە کۆمەڵگەیەکی بابسالاری وەکوو کۆمەڵگەی کوردی دەکات. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێک خستۆتەڕوو. لەگەڵ ڕیزکردنی لیستی سەرچاوەکان.

## بەشی یەکەم: سەرەتایەك لەبارەی نووسینی ژنانەوە

### یەکەم: زاراوە و چەمکی نووسینی ژنانە

لەگەڵ پەیدابوونی رەوتی فێمینیزم لە دەیەی شەستی سەدەی بیستەمدا، رەوتێکی نوێ لە نووسین بەناوی نووسینی ژنانە پەیدا دەبێت. زاراوەکە لە داهێنانی فێمینیستەکانی فرەنساییە. لەوەشدا مەبەست لە نووسینی ژنانەیە لەلایەن ژنانەوە. هەرچەندە ریشەی بۆ پێشتر دەگەڕێتەوە. یەکەم ئامانجێک لەم جۆرە نووسینەدا گەڕانە بە دوای شوناس و ناسنامەی مێینە و ژنانەدا. نووسینی ژنانە (Women's writing) و بە فرەنسایی (écriture femenine) سەرەتاکانی بۆ ناو بزووتنەوەی فێمینیزمی ئەورووپی دەگەڕێتەوە. بیرکردنەوەی فێمینیزمیش، هەوڵێکە بۆ رزگارکردنی ژنان لەو کۆتوبەند و ستەمانەی بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتی نێرسالارییەوە لێیان دەکرێت. ئەم بزووتنەوە سەرەتا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە وەکوو بەشێک لە گوتاری رۆشنگەری پەیدابوو، پاشان بۆ ئەمریکا گوازرایەوە. ئێمە لێرەدا پتر مەبەستمان نووسینی دەقی ژنانەیە، واتە ئەو دەقەی ژن دەینووسێت. "ئێلەین شوالتر" بەم شێوەیە پێناسەی نووسینی ژنانە دەکات: ((نووسینی ئەندامی ژنانە و جیاوازی ژنایەتی لە زمان و لە دەقدا.)) [ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ل٣٦٨] واتە نووسینی ژنانە دەقێکە دەبێ رەنگدانەوەی فەرهەنگ و زمانی ژنانە بێت، ئازار و مەینەتییەکانی ژنان لەناو دەقەکەدا رەنگ بداتەوە. ئەمە دەمانباتەوە بۆ قسەکردن لەسەر پێوەندی نێوان ژن و نووسین. لەناو کلتووری رۆژهەڵاتیدا ئەو ژنەی دەنووسێت، ئەوا ژنێکە تاوان دەکات، ئەمەیش بیرکردنەوەو دەسەڵاتی نێرسالارییە لەو کلتوورانەدا، کە هەمیشە هەوڵی دوورخستنەوەی ژنی لە مەیدانی نووسین داوە، چونکە نووسینی ژنانە دەبێتە گوتارێک بۆ ئەوەی دەسەڵات و پێگەی نووسینی پیاوان کەم بکاتەوە، ئەو تێگەیشتنە بچەسپێنێت، کە پیاو تاکە سوارچاکی مەیدانی نووسین نییە. بۆیەیش هەمیشە ((پێوەندی نێوان ژن و نووسین گرفتێکی مێژوویی شارستانی گشتییە، خۆی لەسەر گۆڕانکاری و وێناکردن و گوتارەکان هەڵدەچنێ.)) [الزهرانی، ١٩٩٩، ص٦٨] نووسینی ژنانە هەوڵێکە بۆ دەرچوون لە بێدەنگی، بۆ سەلماندنی تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی ژنان لە نووسیندا. نووسین لیرەدا دەبێتە پەیڤ، کردەوە. بە کورتی و کوردی ململانێ و هەوڵدانە بۆ بەشداریکردن لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی رۆشنبیریی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە تاکوو ئەم سەردەمەیش پیاو تێیدا باڵادەستە.

هەمیشە ئەو گوتارە ئامادەیی هەیە، کە ترسێك لە نووسین لەلای ژنان دروست بکەن، بۆیەیش لە سەدەی بیستیشدا زۆرێک لە نووسینی ژنانەیان بە چەمکی (ئەدەبی ژنان) ناو دەهێنا، ئامانجیش لێی، تانەدان بوو لەوەی ژنان کەمعەقڵن، بۆیەیش نووسینەکانیشیان ناتەواوە. هاوکات دەیانگوت ژنان ئەگەر نووسینیش بنووسن، ئەوا سێبەری پیاوی پێوە دیارە، لەبەر ئەوەیە ژن دەبێتە تایپچن و بەردەست، نەك نووسەر. ((ژن بۆیە خۆی فێری نووسین دەکات، لەپێناو بەردەستی، ئەم زاراوەیەیش ستەم و خیانەت لەخۆر دەگرێت.)) [الغذامی، ١٩٩٦، ل١٠٢] ئەم تێڕوانینە هەوڵێکە بۆ کوشتنی توانای ژنان، دەنا وەکی دیکە ژن بە نووسینی دەقی ئەدەبی سەلماندویانە ئاستی بیرکردنەوە و داهێنانیان لە پیاو زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. بۆ سەلماندنی ئەمەیش دەیان رۆماننووسی ژنمان هەن، بۆ نموونە: ڤێرجینا وۆڵف، ئیزابیل ئەلێندێ، مارگرێت دۆراس...تاد. رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسانە دەقی جیهانین. نووسینی ژنانە دۆزینەوەی دەرەچەیەکە بۆ هەناسەدان، بۆیەیش بزووتنەوەی ژنان نووسینیان کردە هۆکارێک بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئازادییەکانی خۆیان بکەن. ((نووسەر دەتوانێ بەرەو ئەو شوێنە بتبا کە مەبەستیەتی، ئەگەر باسی خانۆچکەیەکت بۆ بکا دەتوانی لەوێوە لە ستەمی کۆمەڵایەتی ئاگادارت بکاتەوە، هەستی هاودەردیت بجولێنێ.)) [سارتەر، ٢٠٠٩، ل٥١] راستە ژنان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەکوو فێمینیزم هەوڵی دەستخستنی مافەکانیان دا، بەڵام بەبێ نووسینی دەقی ئەدەبی ئەم کارە مەحاڵ بوو. نووسینی ژنانە سەرشارە بە وشە و دیمەنی وەها، کە دەیان دیمەنی ستەم و ئازاری ژنانی لە خۆدا حەشارداوە. نووسینی ژنانە هەوڵێک بوو بۆ بەرەنگاری ئەو نووسینانەی پیاوان لەبارەی ژنانەوە دەیاننووسی، چونکە دڵنیابوون لەوەی پیاوان هەرچۆنێك باسی ژن و مافەکانی ژنان بکەن، سێبەری بیرکردنەوەی نێرسالاریان پێوە دیارە. بۆیەیش نووسین دەبێتە پانتاییەك پرۆسێسەی ئازادی پەیڤ و کردار و هەڵچوونەکانی بکات، هاوکات ئەو بێدەنگیەی هەیە بیشکێنێ و هاوار بکات. نووسینی ژنانە هەمان ئەو شێوازەیە، کە پیاو بۆ سەلماندنی خودی خۆی پێڕەوی لێ دەکات، ژنیش دەبێت خودی خۆی بسەلمێنێت. ژن کاتێك منداڵی دەبێت ئەوا ژنێتی خۆی دەسەلمێنێت، هەمان شێوە کاتێك دەقێک دەنووسێت دەتوانێ ژنێتی خۆی لەناو دەقەکە بسەلمێنێت. پیاو هەمووو دامودەزگایەکی یاسایی و

ڕۆشنبیریی بۆ زاڵبوون بەسەر ژندا پاوان دەکات، زۆرێك لە نووسەران و ڕەخنەگرانی مێتۆدی فێمینیستی بڕوایان وایە، نابێ بڵێین ئەدەبی ژنانە و ئەدەبی پیاوانە، چونکە ئەم زاراوەیە خۆی لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ کەم تەماشاکردنی ژن، ئەوان هەوڵدەدەن لە کلتووری کۆمەڵایەتی بدەن، نەك شتێک بەناوی زمانی ژنانە و پیاوانە بهێننە گۆڕێ. بۆیەیش ئەوان دژی پرسی جێندەرن. ((جنسییەت پەیوەندی بەوەوە نییە کە ژن و پیاو لە ڕاستیدا چۆنن، بەڵکوو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە کلتوورێك، یان وردە کلتوورێکدا ژن و پیاو چۆن دەبینردرێن بە وتەیەژی تر چۆنچۆنی بە شێوەیەکی کلتووری چێ دەکرێن و دێنەئارا.)) [پێرتێنز، ٢٠١٥، ل١٧١] کەواتە نووسینی ژنانە هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەو وێنانەی لەناو کلتوورێک لەبارەی ژنەوە چێ دەکرێن. جوایەزیەکە ئەوە نییە لە ڕووی فزیۆلۆجییەوە ژن و پیاو چ جیاوازییەکیان هەیە، بەڵکوو ئەوەیە هە کلتوورێك چۆن وێنای بوونی ژن دەکات. کلتوور وا دەکات ژن لە خودی خۆی دوور بکەوێتەوە. نووسینی ژنانە ڕووداوێکی گرینگی ڕۆشنبیرییە، بەتایبەتی بۆ ئەدەبیاتی کوردی. نووسینی هەر ژنێک دەبێتە شەهرزادێک بۆ ڕزگارکردنی دەیان ژنی دیکە، پاراستنیەتیان لە سێبەر و تارمایی پیاو لە ئەدەبیاتدا. چوونەژوورەوە بۆ جیهانی نووسینی ژنانە دەرچوونە لە ستەم. بە هۆی نووسینی ژنانەوە، ژن هووشیاریی بەرانبەر خودی خۆی دەدۆزێتەوە، لەوێوە پرسیارەکانی خۆی بەرانبەر کۆمەڵگە و دەسەڵات دەکات. لە کوردیدا چەمکی نووسینی ژنانە زۆر هونەریترە لە چەمکی نووسینی مێینە، چونکە لە هی یەکەمیاندا تایبەمەندی بۆ ژن تێدایە و تایبەتە بەو دەقانە لەلایەن ژنانەوە نووسراون، بەڵام چەمکی دووەم پتر جیاوازی ڕەگەزی تێدەکەوێ، بەوەی مادام نووسینی مێینەمان هەیە، ئەوا دەبێ نووسینی نێرینەیشمان هەبێت. ئەم چەمکە زیادتر هەڵگری ئایدیۆلۆجیایە. هەرچی ڕەخنەگر "ڕەشیدە بن مەسعوود" دەڵێت: ((پێوەندی ژن بە پرۆسێسەی ئەدەبییەوە و ئەو شوێنەی لە مێژووی نووسینی ئەدەبیدا گرتوویەتی دەبێ لە دوو گۆشەنیگای ئەنجامی داهێنانی ژنانەوە تەماشا بکەین، لە گۆشەنیگای ئەو ئافراندن و داهێنانانەی ژن وەکوو بکەر و بەرهەمهێنەریەتی، هاوکات لە گۆشەنیگای ژن وەکوو کەرسەیەکی ئامادەی بەکاربەر، کە پیاو بەرهەمهێنەریەتی.)) [ابو النجا، ٢٠٠٢، ص٧] کەواتە دەبێ لەو دەقانە بنۆڕین، کە ژن نووسیونی و داهێنانیان تێدا کردووە، چونکە پیاو هەر دەقێک لەبارەی ژنەوە بنووسێت، ئەوا تارمایی و سێبەری نێرایەتی بەسەردا زاڵ دەبێت.

## دووەم: تایبەتمەندی و جیاوازی نووسینی ژنانە

ئەگەر بە وردی لە نووسینی ژنە نووسەرەکان بنۆڕین، بە ڕاستەوخۆیی، یان ناڕاستەوخۆیی هەوڵی چێکردنی سوننەتێك، شێوەیەك، تایبەتمەندییەك بۆ نووسینی ژنانە و ئەدەبی ژنانە دەدرێت. هاوکات کۆمەڵی بۆچوونی دیکەیش هەن، کە ژن تاکوو ئێستایش هەرچی نووسیبێت ئەوا لەژێر کاریگەری ئەو فەزا زاڵەی پیاوسالارییدا نووسیویەتی و بە ئاشکرا ئەو سێبەرە دیارە. بەڵام زۆریش دان بە جیاوازی نووسینی ژنانە و نووسینی پیاوانە دادەنێن، ئەویش لەسەر حیسابی جیاوازی ڕەگەزی نا، بەڵکوو بەهۆی جیاوازی فەزا و تێمەی دەقەکان. بۆ باسکردنی تایبەتمەندی و جیاوازی نووسینی ژنانە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن. لێرەدا بۆچوونەکان بەرباس دەدەین:

یەکەم: بە بڕوای لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ژن بە شێوەیەکی جیاواز دەنووسێت، نووسینی ژنانە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی هەیە، چونکە ژن لە ڕووی دەروونی و بیۆلۆجییەوە لە پیاو جیاوازە، کەواتە ئەو فەزایەی لە دەقدا دەیخولقێنێ جیاوازە. ((هەندی لە ڕەخنەگرانی فیمینیستیەوە گفتوگۆی ئەوە دەکەن بۆ ناساندنی شێوەیەکی تایبەتی "ئەزموونی مێینە"، وەکو بۆ نموونە "ئیلاین شاووڵتەر" هەیەتی لە "ئەدەبی تایبەتی خۆیان" ساڵی ١٩٧٧، بۆ کارکردنی دەرئەنجامی پێچەوانەیانە لە دووبارە بەهێزکردنەوەی ئەو ئەفسانەیەی کە هەموو ژنان هەمان شێوازەکانی ئەزموونیان هەیە.)) [وێبستەر، ٢٠١٧، ل١٤٩] ژن جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو جیهانە خاوەن ڕەهەندی ئەزموونی ژنانەیە، کەواتە دەتوانێ لەبارەی ژیان و ئەزموون و هەڵچوونە دەروونییەکانی ژنان بنووسێت. مادام ژن زمان و دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەبێت، زمانێک تایبەت بێت بە خوی خود و ئەزموونی خۆی، کەواتە دەتوانێت دەقێک بەو زمانە بنووسێت، کە دەڵێین زمانی ژنانە، مەبەستمان زمانی گوزارشتکردن و ئایدیۆلۆجیایە، ئەم زمانەیش فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەوەیە جیاوازی نووسین دەکەوێتەوە، چونکە ژن بە جۆرێک ئەو زمانە لە ئافراندنی دەقدا بە کار دەهێنێ، کە گوزارشت لە ژیان و تایبەتمەندێتی ژنانە بکات. ژن لەناو کۆمەڵێک شت و فەزای تایبەت بە خۆی دەژیەت، کە پیاو ناتوانێ وەکوو ژن گوزارشتی لێ بکات، بۆیەیش جودا لە ژن، کەسێکی دیکە ناتوانێ ئەو ئەزموونە بە دەق

بکات. ڕەخنەگر "ڕەشیدە بن مەسعوود" بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی جیاوازی نووسینی ژنانە پەنا بۆ پێناسەی فۆرمالیستە رووسەکان بۆ دەق، بەتایبەتی "ڕۆمان یاکۆبسن" لە دیاریکردنی ئەرکەکانی زمان دەبات. ئەم ڕەخنەگرە ((پێداگری لەسەر ئەرکی گوزارشتی و کاریگەری دادەگرێت، کە نێرەر لە چوارچێوەیەوە بارودۆخی خۆی بۆ خوێنەر دەنێرێت.)) [ مسعود، ٢٠٠٢، ص٩٤] ئەم ڕەخنەگرە گرینگی بە ڕۆڵی نێرەر وەکوو ئەرکێکی گوزارشتی دەدات، بەوەی ئەو کەسەی شتەکان دەنێرێت، خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەمەیش دەتوانین خاسیەتی هەر دەقێك لە ڕێی نێرەرەوە دیاری بکەین. هاوکات ژنان بە درێژایی مێژوو بەرانبەر ناسنامە و خودی خۆیان هەمیشە دوودڵ بوونە، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم دوودڵییە، هەوڵی نووسینی دەقیان بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان داوە، کەواتە پێوەندی لەنێوان ناسنامە و نووسیندا هەیە، ئەمەیش بۆ ژن شتێکی زۆر پێویستە، بۆ سەلماندنی (من)ی خۆی. ئەو (من)ە لە نووسیندا بە بۆچوونی "کارمن ئەلبوستانی" هەوڵێکە بۆ چەسپاندن و سەلماندن و وێناکردنی ناسنامەی سەربەخۆی ژن، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسەی ژن لە کۆمەڵ و سێستەمی پیاوسالارییدا هەیبوو. پێوەندی لەنێوان نووسین و خوێندنەوە و ناسنامەی ژنێتیدا هەیە، بەتایبەتی لە ئاستی وەسف و گێڕانەوەدا، چونکە هەموو نووسینێك هەڵگری کۆمەڵێ نیشانە و ئاماژەی دیاریکراو و تایبەتن، ئەو نیشانە و ئاماژانە ئەوەندە ژنانەن، تەنیا ژن دەتوانێ بیاننووسی و گوزارشتیان لێ بکات. ئەمەیش ڕوانگەیەکی جیاواز لە گوزارشتکردن لە هەر بابەتێک دروست دەکات، کەواتە نووسینی ژنانە خاوەن تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆیەتی.

دووەم: لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بڕوایان وایە هیچ جیاوازی و تایبەتمەندییەك بۆ جیاکردنەوەی نووسینی ژنانە لە گۆڕێدا نییە. تەنانەت زۆرێک لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە نووسینی ژن لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەت دەکەنەوە، چونکە دەنگێکی بەرزی وەکوو دەنگی باسالاری زاڵە بەسەر دەنگی ژندا. "سیمۆن دیۆڤار" لە کتێبی (ڕەگەزی دووەم)دا ئاماژە بەوە دەکات لەم کۆمەڵگایانە ((مرۆڤایەتی نێرینە و پیاو پێناسەی ژن دەکات، ئەویش نەک لە خودی ژن خۆیدا بەڵکوو لە ڕوانگەی پەیوەندبوونیەوە بە پیاوەوە. ژن وەکو بوویەکی سەربەخۆ دانانرێت.)) [وێبستەر،٢٠١٧، ل١٤٧] تەنانەت زۆرن ئەو نووسەرە ژنانەی وەکوو پیاوان دەنووسن، بە بۆچوونی هێندێک نووسەر ناتوانین جیاوازی لەنێوان دەقی ژنانە و دەقی پیاوانە بکەین چونکە هەردووکیان زمان بەکاردەهێنن، هاوکات هەردووکیان گوزارشت لە ئەزموونی مرۆڤ و ئەزموونی جیهانی دەکەن. بەڵگەیشیان بۆ ئەوەی ئەو زمانەی پێی دەنووسن، زمانێکە بارگاوییە بە نێرسالاری، بۆیەیش ژن ناتوانی دەقێک بنووسێت، لە دەرەوەی ئەو زمانە نێرسالارییە، ژن ناتوانی بەو زمانە نێرسالارییە دەقێک بنووسێت، کە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەبێت. لایەنگرانی ئەم بۆچوونەیش دەیان دەقی ڕۆمانی ژنانی ڕۆماننووسیان لەبەر دەستە، کە زمانەکەی، کاریگەری و سێبەری زمانی نێرسالارانەی بەسەرەوە دیارە.

سێیەم: بۆچوونێکی دیکەمان هەیە، ددان بە جیاوازی و تایبەتمەندێتی نووسینی ژنانەدا دەنێت، بەڵام ئەو جیاوازی و تایبەتمەندێتیانە شتێکی نەگۆڕ و جێگر نین. ئەو جیاوازییە جێگرانەی هەن، ئەوا خاسیەتی سروشتی نیوان ژن و پیاو نین، بەڵکوو دیاردەن بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دروستی کردوون. ئەو مێژووەی ژن تێیدا ژیاوە، پیاو تێیدا باڵادەست بووە، کۆمەڵێ پێوەر و پێوانەی لە بەرژەوەندی خۆی داهێناوە، دەکرێ و ئاساییە ئەو پێوانە و پێوەرانە بە تێپەڕینی کات و لە سەردەمێکی دیکەدا بگۆڕدرێن. بۆیەیش نووسین دەبێتە یەکێک لەو هۆکارە بەهێزانەی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەو جیاوازیانە شتی نەگۆڕ نین، لە ڕێی نووسینەوە ژن ئازادی خۆی بە دەست بهێنێتەوە. نووسین دەبێتە دیاردەیەکی هونەری بەرز بۆ خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ و چارەکردنیان. بە بڕوای "یومنا ئەلعید" نووسینی ژنانە هەوڵێکە بۆ چارەکردنی کێشەکانی ژنان، بەڵام وەکوو کێشەی خودی نا، بەڵکوو وەکوو کێشەی کۆمەڵ، بۆ ئەوەی بۆ هەموان بسەلمێنن، کە ئەو پێوانە و پێوەرانە بە زۆر بەسەر سروشتی ژندا سەپێندراون. لێرەدا دەبینین کێشە و نووسینی ژنان بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە، بەمەیش ڕۆڵی خودی داهێنەر لە دەقی ئەدەبی پەراوێزخراوە. ئەم بۆچوونەیش ((پشتخانێکی مەعریفی مارکسیانەی هەیە، باوەڕی بە یەکخستنی هێزی ژن و پیاو لەپێناو ئازادی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بۆ گەلە تێکۆشەرەکان هەیە.)) [مسعود، ٢٠٠٢، ص٧٧] لێرەدا ئاشکرایە کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر داهێنانی ئەدەبیدا دیارە، بەمەیش ڕۆڵی داهێنەر دەکوژێت، کەواتە ڕاستەوخۆ ژن وەکوو داهێنەر ڕەت دەکرێتەوە، هاوکات تایبەمەندێتی دەروونی و بیۆلۆجی ژن دەسڕدرێتەوە. کەواتە ئەگەر ژن لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە ستەم ژیا، ئەوا ئەدەبیات و نووسینەکانیان جیاواز دەبێت، بەڵام بە باشبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیان، ئەو جیاوازیانە کاڵ دەبنەوە و نامێنن.

## سێیەم: ناسنامە لە گێڕانەوەی ژنانەدا

ئاشکرایە سەدەی بیستەم، سەدەی توێژینەوە بوو لە بابەتە وردەکان. هاوکات فەزایەکی نوێ و سەردەمیانەی هێناکایەوە. مۆدێرنە دەبێتە سیستەمێک کۆی بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە. کۆی بوارە فیکری و ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکان لە شیعر و هونەر و چیرۆک و ڕۆمان دەگرێتەوە. ئەوەیش ڕوونە ڕۆمان دەبێتە فراوانترین بوار، کە توێژینەوە لە بابەتەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات، دەبێتە دەرخەری بابەتەکانی سەردەم، بەتایبەت کاتێک ڕەگەزی ژن وەکو بابەتێکی سەردەمیانە دەچێتە ناو ڕۆمان. ژن دەبێتە ڕەگەزێک ئامادەیی خۆی وەکو خودێکی کارا لە گوتاری ڕۆماندا دەچەسپێنێت. واتە وەک گوتارێک دەردەکەوێت، نەک تەنیا بابەتێکی ئاسایی. ئەمەیش بێگومان بە دوو شێوە دەبێت. شێوەیەکیان ئەوەیە لە لایەن ڕۆماننووسانی پیاوەوە ژن وەکو گوتارێک گوزارشتی لێ دەکرێت، شێوەکەی دیکەیان ژن لە لایەن ڕۆماننووسانی ژنەوە گوزارشتی لێ دەکرێت. شێوەی دووەمیان زیاتر بایەخ پەیدا دەکات، بە بەڵگەی ئەوەی ژن باشتر دەتوانێت گوزارشت لە ئازار و ماف و خودی خۆی بکات. بۆیەیش زاراوە و چەمکی نووسینی ژنانە وتووێژی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. ڕەخنەگر (زهور کیرام) لەوبارەیەوە دەڵێت: ((نووسین هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاری و فراوانبوون، هەوڵێکە بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی خود و جیهان لە ڕێی کەشفکردنیان، کەواتە نووسین کردەیەکە ژن و پیاو تێیدا هاوبەشن.)) [کرام: ٢٠٠٤: ٥٥] لێرەوە دەردەکەوێت نووسین تەنیا بۆ پیاو، یان ڕەگەزی نێر نییە، بەڵکو ژنیش وەکو مرۆڤ دەتوانێ بنووسێت. بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی کێشەی ناسنامە و شوناسی ئەو جۆرە نووسینە، کە نووسینی ژنانەیە دەبینەوە. واتە دەبێ بپرسین ئایا ناسنامەی ئەو جۆرە نووسینە چییە؟ قسەکردن لەبارەی ژن و ئەو ئەدەبەی ژن بەرهەمی دەهێنێت ئاسان نییە،چونکە هەر یەکێک لەم دوو چەمکە بە تەنیا بابەتێکی سەربەخۆن بۆ قسەکردن لەبارەیانەوە. بەڵام نووسینی ژنانە، نووسینێکە دەبێتە ناسنامەی ژن، واتە ژن لەو ڕێیەوە هەوڵدەدات گوزارشت لە خۆی و دونیای تایبەت بە خۆی بکات. زۆرێك لە ڕەخنەگرانی تیۆری فێمینستی بواری ئەدەب ئەو نووسینانەی پیاوان لەبارەی ژنەوە دەینووسن ناچێتە ناو چوارچێوەی نووسینی فێمینیستیەوە.، چونکە پیاوان ناتوانن گوزارشت لە خەم و گرفتەکانی ژنان بکەن.

نووسین هۆکارێکە بۆ ئەوەی ژن لە ناسنامەی خۆی بکۆڵێتەوە، یان بە دوای ناسنامەی خۆیدا بگەڕێت. واتە دەیەوێ لە ڕێی نووسینەوە لە پێگەی بەرکارەوە بچێتە پێگەی کارا. خۆی ببێتە ئەنجامدەری شتەکان بێت نەک لە بری ئەوکەسێکی دیکە شتەکان ئەنجام بدات. کاتێک بزووتنەوەی ژنان لە ئەورووپا پەیدا دەبێت، ژن هەست بەوە دەکات، ئەو لەسەر زار و لە نووسینی ڕەگەزی بەرانبەرەوە (نێر) باسی دەکرێت، ڕێی پێنادرێت لە ڕێی نووسین و قەڵەمی خۆیەوە باس لە خۆی بکات. واتە ڕەگەزی بەرانبەر ئەوی پەراوێز خستووە، هاوکات نووسینی ژنیش وەلانراوە. واتە نووسینی پیاوان هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی ژن لە بواری نووسین و داهێنان دووربخەنەوە. هۆکاری ئەمەیش ئەوە بوو لە نووسین و پەیڤی ژنان دەترسان. واتە دەترسان ژن لە ڕێی نووسینەوە ناسنامە و بوونی خۆی کەشف بکات. هەرچەندە لە سەردەمی زوودا بەتیابەت لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا زۆرێک لە نووسەرە ژنەکان بۆ ئەوەی سەرکەوت نەکرێن بەناوی پیاوانەوە نووسینەکانیان بڵاودەکردەوە. ((لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هێندێ لە نووسەرە ژنەکان بە ناوی نێرەوە نووسینەکانیان دەنووسی، چونکە کۆمەڵگە لەوکات پەسەندی ژنی لە بواری نووسین نەدەکرد، بە هۆی ئەوەی گوایە زمانێکی ڕووکارییان هەیە.)) [برهومە: ٢٠٠٢: ٤١] کەواتە لەم ڕێیەوە ناسنامە و شوناسی ژنبوون لە نووسیندا لە ژن سەندراوەتەوە، واتە ڕێ نەدراوە ناسنامەی خۆی لە ڕێی نووسینەوە بسەلمێنیت. بیرکردنەوەکانی، خەمەکانی لە ڕێی نووسینەوە باس بکات. لێرەوەیە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ژن نووسین دەکاتە هۆکارێک بۆ گەڕان بە دوای ناسنامەی خۆی. لە ڕێی نووسینەوە ئەزموونی ئازادییەکانی خۆی دەکات، هاوکات دەیکاتە هۆکارێک بۆ سەلماندنی بوونی خۆی. واتە نووسین دەبێتە شوێنێک بۆ ئەوەی توێژینەوە لە ئازادی خۆی، لە مافەکانی بکات. دواتر دەسەڵاتی ڕەگەزی بەرانبەر ڕەت بکاتەوە. نووسین لای ژن دەبێتە نیشانەی هوشیارییەکی نوێ بۆ ئەوەی بچێتە ناو جیهانی خۆی، جیهانی خۆی بناسێت و جیهانبینی خۆی دەربڕێت. لێرەوە نووسین وەکو گەشتێک دەردەکەوێت بۆ گەڕان و دۆزینەوەی جیهانی تایبەت بە ژنان. کەواتە نووسینی ژنانە دەبێتە ناسنامەی ژنان.

## بەشی دووەم: جیهانی ژنانەی ڕۆمانی (ئەڵوەن)

### یەکەم: گێڕانەوەی ژنانە

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا نووسینی ژنانە هەوڵێکە بۆ ئازادی، هەوڵێکە بۆ گوزارشتکردن لە خود و بوونی ژن. یەکەم شتێك لە نووسیندا بیرمان بۆی بچێت زمانە، ئایا زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانی (ئەڵوەن) زمانێکی ژنانە، یان نێرسالارانەیە؟ سەرەتا با ئەوە بڵێم، کە دەڵێم نووسینی ژنانە و زمانی ژنانە لە ڕووە ئایدیۆلۆجییەکەوە ناڵێم، چونکە لە کۆمەڵی کوردیدا ژن هێشتا بندەست و ستەم لێکراوە. مەبەستم لەو چەمکانە لە ڕووی ئێستاتیکییەوە خەسڵەتەکانی نووسینی ژنانە وەکوو گوزارشتکردنێکی لەسەرخۆ لە جیهانی مرۆڤە. مەبەستم ئامادەیی زمانێکی جوان و ناسکە بۆ ئەو جیهانەی لەلایەن پیاوەوە داگیرکراوە. ڕۆمانی (ئەڵوەن) زمانی گێڕانەوەکەی بەدەر نییە لە زمانی زاڵی پیاو، چۆن؟ چونکە زمانی گێڕانەوەکەی بە کاریگەری ئایدیۆلۆجیای مارکسی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی فێمینیستی نووسراوە. هەرچەندە لە ڕۆمانەکەدا هەوڵێک هەیە بۆ خستنە ژێر پرسیاری ئەو سێستەمی مرۆڤی کورد لەو سەردەم تێیدا ژیاوە. زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە زمانێکی ڕاستەوخۆ و واقیعیانەیە. خوێنەر هەست دەکات بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە دەخوێنێتەوە. یەکێک لە خاسیەتەکانی زمانی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانەکە بەسەرهاتی چەندین ژن و کچی ستەم لێکراو دەگێڕێتەوە، لێرەوە هەست بە زاڵبوونی زمانی ژنانە بەسەر ڕۆمانەکەدا دەکەین. چونکە ((زمان سێتستەمێکی ڕەمزییە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فەرزی دەکات، واتە بیرۆکەی سەربەخۆیی ڕەت دەکاتەوە، پێداگری لەسەر ململانێ دەکاتەوە.)) [بوشوشە، ٢٠٠٣، ص١٤٩] ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکە سەرشارە بە ململانێ، بەتایبەتی ململانێی نێوان ژن و پیاو (نێر و مێ)، لەسەر بنەمای ئەم ململانێیە، زمان دەبێتە تاکە هۆکار بۆ گوزارشتکردن لێی، لێرەوە جیاوازییە بیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکە دەردەکەون. لە کۆی ڕۆمانەکەدا دوو بەرەی دژ (ژن و پیاو) هەن، بەڵام ڕۆماننووس زۆر هونەریانە ئەو جیاوازییەی لە ئەنجامی سێستەمی کۆمەڵایەتیدا خستۆتەڕوو، واتە ئەوەی بۆتە بەرهەمهێنەری ئەم جیاوازییە سێستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیە. هەموو ئەو ئازار و ستەمانەی بەرانبەر ژن دەکرێن لەم ڕۆمانەدا لە چوارچێوەی گوتارێکدا خراونەتەڕوو، چونکە کۆی ئەو نووسینانەی لەلایەن پیاوانەوە لەبارەی ژنان نووسراون، پیشاندانی وێنەی ژنە لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتی چەمکی نێرسالارییدا.

ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ بە ژنانەکردنی گێڕانەوە، گێڕانەوەی ڕۆمانە لەلایەن گێڕەرەوەیەکی کچ (لەیلا)یە، بەڵام تەوەرەی ڕۆمانەکە زۆربەی لەبارەی ژنێکەوەیە بەناوی (ئامەڕەش). ئەم ڕۆمانە کە لەلایەن ژنێکەوە نووسراوە، ڕووداوەکانی و ڕۆمانەکە و دەکرێ بخرێتە قالبی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئەم کچە لەبارەی کۆی گرفت و کێشەکانی گەڕەکەکەی دەدوێ. هەموو ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی لەناو کوردەواریدا هەن، ئەو دەیانخاتەڕوو. بۆ نموونە حاڵی ئەو منداڵانەی دایکیان تەڵاق دەدرێت، لە جەژنەکاندا ئەو منداڵانە بێنازترین منداڵن، یان ئەو منداڵانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نازی دایک و باوکیان بێ بەشن. ((مناڵێك دەگری، لە مناڵانی هاوسێ گووم بووە. چلمەکەی تێکەڵی فرمێسکی ڕوومەتی بووە، یەکێ تر لە برسا دەگری ومناڵان هێدیی دەکەنەوە و بەجۆلانە هەڵی دەخەڵەتێنن، دەی تر لە شەرمانا لە بێ پارەیی و شڕیی جل و بەرگیان نەدەهاتن بۆ سەیران...هەر لە کۆڵان پاڵیان دابووە دیوارەکان و خەونیان بە جۆلانەوە دەدەی و لەپڕ گێژ دەبوون و دەخەوتن... قوربەسەر ئەو منالانەی کە بەر لە جەژن ڕووداوێک لە ماڵیاندا ڕوویدابێ، چییان بەسەر دەهات کۆمەڵێ مناڵیان لێ کۆدەبوونەوە:

- ها...ئەیە فەتاحە...دایکی تەلاق دریاس.
- ...............
- ئەوە قادره نەنکی سواڵ کەد.)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل٥٥]

پیشاندانی ئەم واقیعە کۆمەڵایەتیانە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ڕۆماننووس بیسەلمێنیت، ئەوە تەنێ نووسەرە پیاوەکان نین، هەست بە ئازار و مەینەتی تاکی کۆمەڵ دەکەن. گێڕەرەوە منداڵێک ئازاری منداڵانی گەڕەک دەگێڕێتەوە، بەمەیش دەیەوێ شتێك لەبارەی خود و ناسنامەی خۆی بڵێت. باسکردنی ئەو هەموو ئازارەی ژنان بۆ سەلماندن و چەسپاندنی گوتارێکی گێڕانەوەیی ژنانەیە، بۆ ئەوەی لە گوتاری گێڕانەوەی پیاوسالارانە بۆ بابستی ژن جودا بکاتەوە. ئەمەیش هەوڵێکە بۆ جوداکردنەوەی نووسینی ژنانە لە نووسینی پیاوانە. بەڵام گێڕانەوەیەکە هێندەی واقیعییەتی بەسەردا زاڵە، هێندە لایەنی خەیاڵ و فەنتازیای تێدا نییە، ئەمەیش وایکردوە گێڕانەوەکە، ببێتە گێڕانەوەیەکی واقیعیانە. ئەمەیش بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە، ڕۆماننووس هێندەی مەبەستی بووە تێمەی ئازاری ژنان بگێڕێتەوە، هێندە گرینگی بەلایەنی هونەری ڕۆمان نەداوە. تێکەڵکبوونی زمانی ژنانە و خود، واتای ئەوە نییە زمانی گێڕانەوەی پیاوانە ڕەت بکاتەوە، واتە بوونی جیاوازی لە گێڕانەوە مەبەست لێی ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکوو مەبەست لێی داهێنانی شێوازێکی ژنانەیە بۆ گێڕانەوە. وەکوو لە سەرەوە باسمان کرد، ئەگەر نووسەرێکی پیاو بێت و ئازاری ژنان بگێڕێتەوە، بە بڕوای ڕەخنەگرانی مێتۆدی فێمینیستی ناتوانێ مافی خۆی بداتێ، چونکە ئەو نووسەرە وەکوو ژن لەناو ئازار و مەینەتییەکانی خۆیدا نەژیاوە.

ئەم ڕۆمانە لەڕووی گێڕانەوەوە چەند گرفتێکی هەیە، مەبەستمە بڵێم لەڕووی تەکنیک و هونەری گێڕانەوەدا چەند کێماسییەکی هونەری تێدایە. یەکێک لە گرفتەکان ئەوەیە ئایدیۆلۆجیای ڕۆماننووس بە ئاشکرا بەسەر فەزا و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکاندا دیارە. بۆ نموونە کاتێك وێنەیەك لە جیاوازی نێوان خەڵکانی هەژار و دەوڵەمەند نیشان دەدات، بە ئاشکرا ئایدیۆلۆجیای مارکسییەت بەسەر بیرکردنەوەی ڕۆماننووسدا زاڵە. هەرچەندە ڕۆماننووس دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بیرکردنەوەی گێڕەرەوەدا هەیە، ئەمەیش بۆ خۆی دەبێتە گرفتێکی دیکە، چونکە "لەیلا"ی تەمەن هەشت-نۆ ساڵان نازانێ جیاوازی هەژار و دەوڵەمەند لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە چییە! ((لە تەنیشتی ماڵە دەرەبەگەکاندا، خانووە قوڕەکانی هەژارەکان بە کزییەوە مات ببوون، گەڕەکەکەیش پێی دەوترا (جەلەوە)!! پردی خانەقین ئەمبەر و ئەوبەرێکی سەیری دروست کردبوو، جەلەوە کوردبوون ئەم بەریش تورکمان.)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل٥٩] ئەگەر بنۆڕینە وشەی (دەرەبەگ) یەکڕاست خوێنەر دەزانێت، ئەوە ڕۆماننووسە قسە دەکات، نەك "لەیلا"ی گێڕەرەوە، چونکە ئەم وشەیە، وشەیەکی ئایدیۆلۆجیانەیە، هەڵگرانی بیری چەپ بەرانبەر ئاغا و خاوەن زەویوزار بە کاری دەهێنن. لە زۆر شوێن ڕۆماننووس ڕاستە بە شێوەی فلاشباك گەڕاوەتەوە سەردەمی منداڵی، بەڵام بەبێ ئەوەی لە زەمەنی کاتی دۆزینەوەی وێنەی منداڵی خۆی لەگەڵ "ئامە" داببڕێت، بە هەمان فەزا و کاتی ئێستا "لەیلا"ی پێش بیست دەدوێنێت. لەلایەکی دیکەوە یەکێک لە پنتە جوانەکانی ئەم ڕۆمانە بوونی دیالۆگە بە بنزاراوەی جیاواز. گێڕانەوەکە بە شێوەزاری سۆرانییە و دیالۆگەکان بە بنزاراوەی خانەقینی، بەڵام لە زۆر شوێن کارەکتەرەکان لە یەك شوێن و کاتدا بە دوو شێوەزاری جیا قسە دەکەن. بۆ نموونە "تاووس خان" لە یەك کاتدا بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و خانەقینی دەپەیڤێت. ((دەبوو هەموو ڕۆژێ لەگەڵ یەکێ لە ژنانی گەڕەك شەڕی بکات و خەڵکی کۆکاتەوە بۆ ئەوەی چەند جارێ دووبارەی بکاتەوە و بڵێ:

- کچێ هەی کوسوو، هەی گاندەر تۆ لەگەڵ کێدا شەڕ دەکەی ها!... هەی قەحپە ئەگەر نازانی من تاووس خانی کچی عەبدوڵڵاخانی جوانرۆم.......))

هەر دوای یەک دوو پەرەگرافی دیکە شێوەی ئاخاوتنی دەکاتە خانەقینی: (( ئەم مووررووە چەرمییە هن شوی کردنە.

- ئەی قرمزە هن شەوەس.
- ئەی قەحواییە هن ڕزقە.... ئەی گەورەیە هن خۆشتواستنە...)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل٢١/٢٢]

ئەمە دەبێتە کێماسی لە گێڕانەوەدا، چونکە کارەکتەرێک لە یەك فەزا و شوێندا، لەگەڵ خەڵکی بەرانبەری نابێت بە شێوەزاری جودا قسە بکات. ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە ڕۆماننووس زۆرجار لە کاتی گێڕانەوەدا بەبێ ئەوەی ئاگەدار بێت، خۆی خزاندۆتە ناو پرۆسێسەی گێڕانەوە. بۆیەیش ئەمە دەبێتە ڕای تایبەتی ڕۆماننووس نەك گێڕەرەوە. ئەم دەقە لە ڕووی تەکنیکەوە دەقێکی لاوازە، چونکە واقیع وەکوو یەکێك لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕووداو، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر فەزای ڕۆمانەکەدا هەیە. ڕووداوەکان زۆر ساکار باسکراون، خوێنەر بۆ کردنەوەیان تووشی گرفت و ماندووبوون نابێت. لێرەوە ئەم دەقە وەکوو نووسینی ژنانە (دەقێکی ژنانە) هێندەی هەوڵی خستنەڕووی واقیعی ژنان و کچانی کوردی بووە، هێندە خەمی تەکنیکی نووسینی دەق نەبووە. کەواتە ڕۆماننووس هیچ شتێکی نەخستۆتە سەر چۆنیەتی نووسینی ڕۆمان، بەتایبەتی لە ڕووی شێواز و ئێستاتیکاوە. پرۆسێسەی کردەی نووسین لەلای ژن دەبێت ئەو شێوازەی پیاو بۆ نووسینی دەقی ڕۆمانی داناوە تێپەڕێنێت، بیرۆکەی سادە و گێڕانەوەی سادە و تەکنیکی سادە تێپەڕێنێت. بۆیەیش نووسینی ژنانە دەبێت دەقێکی تاك بێت، دەبێ هەوڵێک بێت بۆ سەلماندنی خودی ژن. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، جیاوازییەك لەنێوان نووسینی ژنانە و نووسینی پیاوانە هەبێت، بەڵکوو مەبەستمانە لە ڕێی نووسینی دەق لەلایەن ژنانەوە ئەوە بسەلمێندرێت، کە ژنیش توانای داهێنان و تێپەڕاندنی سنوورەکانی دەقی باوی هەیە.

## دووەم: وێنەی جەستە

جەستە وەکوو یەکێک لە ئایکۆنەکان پانتاییەکی فراوانی لەناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕەخنەییدا بردووە. بێگومان ئەم گرینگیدانە بە جەستە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەو گوتارەی لەبارەی جەستەوە لە دنیادا هەیە. جەستەی ژن لە ڕۆژهەڵاتدا، ئایکۆنێکە بۆ سێکس، بۆ چێژ، چونکە جەستەی ژن ڕاستەوخۆ پێوەندکراوەتەوە بە ئاکار و شەرەفەوە. شەرەفی خێزان، پیاو بریتییە لە جەستەی ژنی، خوشکی، دایکی. بۆیەیش دەبینین کاتێك دوو پیاو، کوڕ لە شوێنێک دەبێتە شەڕیان جنێو بە دایک و خوشك و ژنی یەکدی دەدەن، بێگومان هۆکاری ئەمە ئەوەیە، ژن موڵک و سامانی پیاوە. کەواتە ژنان بۆ ئەوەی قسەیەکیان لەسەر مافەکانیان هەبێت، لەم سەردەمەدا قسەیان لەبارەی جەستەی خۆشیانەوە هەیە، چونکە جەستە بوونی ئەوان دەسەلمێنێت. (( ئەمڕۆ چەمکی جەستە وەك چەمکێکی سێنتراڵی سەیر دەکرێت. لەوبارەشەوە بزاڤی ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی ئاگایی لەبارەی تێگەیشتنی جەستەدا گێڕاوە.)) [عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ل٢٢] واتە ئەو هوشیارییە ئێستا لەلای ژن هەیە، کە جەستە شتێکی ئاکاریی نییە، جەستە لە شەرەفدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو جەستە بەهایەکی ماددی هەیە، لەوێوە ژن تواناکانی خۆی دەسەلمێنێت.

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا ڕۆماننووس هەوڵی خستنەڕووی ئەو گوتارەی داوە، کە جەستەی کچ و ژن وەکوو ئامێری دامرکاندنەوەی هەوەس و ئارەزووی پیاو دەبینێت. جەستەی لەم ڕۆمانەدا قوربانییە، هەر کاتێك پیاو هەوەسی جووڵا، تاکە شتێک بتوانی ئەم هەوەسە دامرکێنێتەوە ئەوا جەستەی ژنە. بۆ نموونە (حەسەن ئاغا) کەسێکە دوای هێنانی چوار ژن هێشتا هەوەست نێرایەتی دانامرکێتەوە. دایکی (مچە) کاتێک لەگەڵ دایک و باوکی لە ماڵی ئاغا کار دەکەن، ئاغا چاوی هەوەس دەبڕێتە (فاتە). لە دیمەنێکدا ئاغا بە شەو داوا لە (فاتە) دەکات سەرێک لە ئەسپەکان لە تەویلە بدات، چونکە بەیانی دەچێتە ڕاو. ئاغاش بەدوایدا دەچێت و هەوڵی دەستدرێژی دەدا. ((ئاغا چە کەی..!من وەك دۆیتدم... ئاغا بوومە قورباند...قۆندەرەگەد ماچ کەم... تا مردن گشت ملاڵەیلد ئیوەت کەم. هەر لەیرا مینم....خزمەتتان کەم، ئاغا... ڕەحمەت لە باوگد...)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل١٦٤] ئەوەندەی (فاتە) دەست بە گریان و پاڕانەوە دەکات، بێ سوود دەبێت، ئاغا دەستدرێژی دەکاتە سەری. ئەم دیمەنانە چەندین جاری دیکە دووبارە دەبنەوە. دیمەنی چەندین ژنی دیکەیش، کە لەلایەن کەسانی نزیک بە خۆیان دەستدرێژیان دەکرێتەسەر. (فاتە)ی دایکی (مچە) دەستدرێژی دەکرێتەسەر، (مچە)یس بە زۆر دەستدرێژی دەکاتەسەر(مەلیحە). (مچە) وا دەزانێ باوکی (مەلیحە) دایکی بۆ کاری لەشفرۆشی دەبات، بۆیەیش دەیەوێ لە ڕێی دەستدرێژیکردنە سەر کچەکەی تۆڵەی لێ بکاتەوە. ((
-ئەیە چەنیگە ئەی دەردە لە دڵم مایەس..ئا دایگەگەد، وە شەو لەی بانە ئەخفتم و فکرم هەر لەلای بی، بەس چە کردم نەکەفتە دەسم.

مرازم ئیسە حاصڵ بی، ئەگەر قیژە بدەی ئێژمە باوگد خۆی هاتیە و ئەویش وەك کاوڕ سەرد برد. ئینجا وەت:

-مەمگد فرەجوانە...شەو و ڕۆژ فکر لەلیدکەم... منیش هەر هاوار ئەکردم.

-دایە میمی؟...

مچەش ئەوت:هش حەیای خۆد چد هاوار نەکە وەمن چە؟ ......................

یەواش...نەو نەکەی مچە نەکەی،توو ئیمام عەباس، توو خدر زیندە...توو باوە مەحمید، توو ئیمامەگان.)) [مەنسور، ٢٠٠٤،ل١٣٥] لێرەدا جەستەی کچ دەبێتە مەیدانی تۆڵەکردنەوە، واتە (مچە) وەها بیردەکاتەوە، مادام باوکی (مەلیحە) nاموس و شەرەفی ئەو دەبات، دەبێ ئەویش ناموس و شەرەفی ئەو ببات. کەواتە جەستە لە شەرەف کورت کراوەتەوە. جەستە لێرەدا موڵکی پیاوە، تەنیا پیاو بۆی هەیە مامەڵەی پێوە بکات. ئەو گوتارەی ڕۆماننووس لێرەدا دەیەوێ بیداتە گوێی خەڵک، ئەوەیە جەستەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاڵایەکە، موڵکی پیاوە، وەکوو چۆن پیاو سەیارەیەکی هەیە، سەربەستە لەوەی چۆن مامەڵەی پێوە دەکات، ئاوایش سەربەستە مامەڵە بە جەستەی ژن و کەسی یەکدییەوە بکەن. ئەم هەوڵەدا گوتارەکانی پشتی بەکارهێنانی جەستە ئاشکرا بکات، هەوڵێک نییە بۆ وەسفی جەستە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی گوتاری ئەو سێستەمەی ئەو واتایەی بە جەستە بەخشیوە. جەستەی ژن شتێکی حەرامە، نابێت بە دەرەوە بێت. جەستە لێرەدا شتێکی ئەخلاقییە. ((دەستم بەرگەی ساردیی بەفرەکەی نەدەگرت و دەمنایە ناو کۆشم و بەڕاکردن بۆ ماڵی ئامە دەچووم. مناڵەکان گاڵتەیان

پێ دەکردم..

-هی هی هی قولی دیارە پای دیارە

ئەو هەواڵە زوو دەگەیشتە ماڵەوە و دایکم یەکسەر دەیوت:

-وەختی دۆندرمە قوزەڵقورت کردید ئەوا شەوی یەکەت هەڵگردبید و پاد دیار بی؟ چەدن جار وەتمە سە پید شەوی یەکەد هەڵنەگرید؟... نەوتم دۆید عەیبە ناود یەگ کەس پای بدویند؟)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل١٤]

تێبینی ئەوە دەکەین جەستە لێرەدا شتێکە پێوەندی بە ئەخلاقەوە هەیە، ئەگەر دیار بێت، ئەوا ئەو کەسە بێ ئەخلاقە و هیچ ڕێزێکی نییە. ڕۆماننووس لەنێوان دروستکردنی وێنەیەکی واقیعی بۆ جەستە و ئەو واتایانەی بۆ جەستە هەن لەناو کۆمەڵگەدا هەن، دەیەوێ کۆمەڵێ دەلالەتی پەروەردەیی و کلتووریمان بداتێ. "لەیلا"ی منداڵ هێندە بزۆزە هەموو شتێك دەکات، هەمیشە لێدان بە دەستی دایکی دەخوات. ئەم بزۆزیە بۆ ئەوەی نیشانی بدات ئەو لە ڕێی جەستەیەوە دەیەوێت خودی خۆی بدۆزێتەوە. بۆیەیش هەمیشە پرسیاری لە "ئامە" هەیە، ئەو پرسیارانە هەوڵن بۆ ئەوەی بوونی خۆی بدۆزێتەوە. ڕۆماننووس وەکوو ژنێکی ئازاد، دەنگی بەرانبەر سێستەمی باباسالاری بەرزدەکاتەوە، ئەو نایەت شەرم بکات وەکوو "نالی" کە پیاویش بووە لە ڕێی خەونەوە گوزارشت لە دیمەنەکان بکات. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێ هاوکێشەی دەروونیمان نیشان دەدات، کە لە ڕێیەوە دەتوانین خوێندنەوەیەکی دەروونشیکارانە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکەین. کەواتە ئەم ڕۆمانە ((دەقێکە ڕاپۆرت لە سەردەم و ژینگەیەکی ئاپینی ئەوتۆ دەدات کە ترۆرکردنی جەستەی ئافرەت و بەها ئینسانییەکانی، یەکێک بووە لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی ئەو ژینگەیە.)) [سیوەیلی، ٢٠٠١، ل٩٠] پێشتر گوتمان (حەسەن ئاغا) پانتاییەکی زۆری لە ڕۆمانەکە داگیرکردووە. ئەم ئاغایە نوێنەری سێستەمی ئەخلاق و دەسەڵاتە لە ڕۆمانەکە. ئەم ئاغایە چوار ژنی هەیە. یەکێک لە ژنەکانی ناو (زەینەب)ە، دوای ئەوەی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ ڕوودەدات و ئاغا دەسەڵاتی نامێنێت، دێتە گەڕەکەکەی (ئامە). ڕۆژێك (زەینەب) دێتە لای (ئامە) و دەڵێ ئەمشەو (حەمید)ی کوڕە گەورەی ئاغا بە زۆر دەستدرێژی کردە سەرم و سکی پڕکردم. واتە کوڕی ئاغا پەلاماری زڕدایکی خۆی داوە. ((من دی هیچ گەوادیگ دوێت نادەدە پیم...دوێت هەرچی و پەرچی نێخوازم... ئاغاگان نەمان...دی تەواو پارەشم نیە بچمە ئەی لا و ئەولا..)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل١٨٢] ئەم بیرکردنەوەیەی پیاوان لەو سێستەمە باباسالارییە، بینینی ژنە وەکوو عەورەت، وەکوو ئامێری خاڵیکردنەوەی چێژ و هەوەس. پێشتریش ماڵی مامی (زەینەب) لە ماڵی ئاغا بوونە، (حەسەن ئاغا) دەستدرێژی کردۆتە سەر ماموژنی (زەینەب) و کوڕێکی لێ بووە بە ناوی (عەلی) بەڵام کەس نەیزانیوە ئەو کوڕە لە ئاغایە نەك لە مامی (زەینەب)، کاتێ گەورە دەبن (عەلی) ئامۆزاکەی (زەینەب)ی خۆشدەوێ، ئاغاش چاوی لە (زەینەب) و بۆیەیش بە پیاوەکانی (عەلی) بە کوشت دەدا. کاتی خۆێشی دایکی (مچە) لە ماڵی ئاغا بووە و ئاغایش دریغی نەکردوە لە دەستدرێژی کردنە سەری، بۆیەیش هەمیشە ئەو گومانە لای (مچە) هەبووە ئایا کوڕی باوکی خۆیەتی، یان لە ئاغایە. کاتێک ئاغا بە دەستی (ئامە) دەکوژرێت، (مچە) تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی. لێرەدا (مچە) هەوڵدەدا قەرەبووی دەروونی خۆی بکاتەوە، بەوەی بە کوشتنی ئاغا(باوک) تۆڵەی خۆی بکاتەوە، چونکە دەزانێت، ئاغا جگە لە پیاوێکی داوێن پیس شتێکی دیکە نەبووە، هەمیشە ئەو پرسیارەی باوکم کێیە؟ دەروونی شلەژاندووە، بۆیەیش بەم کارەی هەوڵی ئارامکردنەوەی دەروونی دەدات.

## سێیەم: ڕەمزیەتی ژن

ڕۆمانی (ئەڵوەن) وەکوو دەقێکی ژنانە، لەو ڕوانگەیەوە هەوڵی ئیشکردنی لەبارەی گوتاری ژنەوە داوە، کە ژن قوربانییە، نەك وەکوو ئەوەی ژن ڕەمزی نیشتمان و خاك بێت. کەواتە ڕوانگەی ڕۆماننووس، ڕوانگەیەکی فێمینیستانەیە بۆ بابەتی ژن. هەر ئەمەیشە هەوێنی نووسینی ژنانە، چونکە نووسینێکە هەوڵی خستنەڕووی ئەو دیدگایانە دەدات، کە ژن وەکوو هەوەس و قوربانی تەماشا دەکەن. کەواتە ژن ڕەمزێکە کۆمەڵێ بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، تاکوو لەوێوە ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرانبەر ژن بخرێتەڕوو. کەواتە لێرەدا دەکەوینە بەر ئەو ڕوانگەیەی، ئەگەر نووسەرێکی ژن دەقێک بنووسێت چۆن ژن وەکوو ڕەمزێک نیشان دەدات و نووسەرێکی پیاو چۆن ژن دەکات بە ڕەمز. زۆر ڕۆمانمان هەن، نووسەرەکانیان پیاوە، هەمیشە ژن وەکوو کەسێکی تاوانبار و گوناحکار نیشانداوە، بۆ نموونە ڕۆمانی (ماڵئاوا گوڵی

خەم) لە نووسینی (هیمداد حوسێن)، تێمەی ڕۆمانەکە خۆشەویستییە، لەوێدا کچەکە دەبێتە خیانەتکار و تاوانبار، کورەکە دەبێتە کەسێکی ستەم لێکراوە. نموونەی ئەو جۆرە ڕۆمانانەمان زۆرن، ((هونەر و داهێنان پیشەیەکی پیاوانەیە، هونەرمەند وەکوو: ش.فایرستۆن تێبینی کردووە بەردەوام پیاوانەیە ژن بەتایبەتی لە تابلۆ ڕووتەکان تەنیا مۆدێلێکە.)) [طرابیشی، ١٩٧٧، ص٧] بەڵام نابێ ئەوەیش لەبیر بکەین ڕۆمانی دیکەمان هەن، بە شێوەیەکی ئیستاتیکی ژنیان نیشان داوە.

لەم ڕۆمانەدا ژن ڕەمزی قوربانییە، قوربانییەک بە دەستی پیاو، لە باسی پێشوودا ئەوەمان بەرباس دا، کە پیاو چۆن وەکوو عەورەت لە ژن دەڕوانێت، نموونەی (حەسەن ئاغا)مان هێنایەوە. کەواتە ژن ڕەمزی خراپەکارییە، هەرچی تاوان و خراپەکاری هەیە، سەرچاوەکەی بۆ ژن دەگەڕێتەوە. کاتێک (لەیلا) لە جیاتی باپیری لە دوکان دەبێت، هەوڵی خاوێنکردنەوە و گسکدانی دوکانەکە دەدات، بەڵام لەلایەن دوکاندارەکانی دیکەوە گلەیی لێ دەکرێت، ئەم چاونەترسی و شەرم نەکردنەی گێڕەرەوە بۆ پەروەردەی (ئامە)ی دایەنی دەگەڕێننەوە. ((ئیتر نەمدەزانی وەڵامی کامەیان بدەمەوە، ئەوەندە بە تووڕەییەوە ڕوویان تێدەکردم نەمدەزانی ئەوکات نەمدەتوانی وەك ئیستا بڵێم:

-تۆ حاجی فتح الله هەتا ئەمساڵ کە چوویتە حەج وەک ئامە تلیاک کێش بوویت.

-تۆش ڕەحمانی فاتر قەرە هەی حیز هەی خوێڕی خۆ هەموو شار دەتناسن.)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل١٧]

کەواتە ئەوە تەنیا (ئامە) وەکوو ژنێك ڕەمزی خراپەکارییە، چونکە تلیاک دەکێشێت، بەڵام دەیان پیاو هەن تلیاک دەکێشن، کەس باسیان ناکات و ئەوان ڕەمزی خراپەکاری نین. ئەوەی "ئەحلام مەنسوور" لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە، کەم نووسەری ژن هەیە، ئەو توانا و بوێرییەی هەبێت. ئەم ڕۆمانەیش باشترین نموونەیە. ((ئەحلام لە حەفتایەکاندا کاتێك باسی ئازادی ژن و لەوانەش ئازادی سێکسی ورووژاند نووسەرە ژنەکان لە پەنجەی دەستێك تێنەدەپەڕین.)) [هەندرێن، ٢٠١٠، ل١٧٨] ئەوەی لەم ڕۆمانەدا قسەی لەبارەوە کراوە، ژنێکە بوێری ئەوەی هەبووە، بابەتی ژنان ڕوون بکاتەوە و ئازارەکانیان باس بکات. ڕۆماننووس هەوڵیداوە ڕوو لە پیاو بکات، ئەوە تەنیا ژن نییە، کە ڕەمزی خراپەکاری بێت، بەڵکوو پیاویش دەبێتە ئەو جۆرە ڕەمزە، بەڵام بە هۆی باڵادەستی سێستەمی بابسالاری، کەس باسی پیاو ناکات. کاتێك پیاو دەستدرێژی دەکاتە سەر ژن و سکی پڕ دەکات، ئەوا ژنەکە بە تاوانبار هەژمار دەکرێت، بۆیەیش تاکوو ئاشکرا نەبووە دەبێ بچێ ئەو منداڵە لەبار ببات. (ئامە) وەکوو کارەکتەرێک باسی ئەو ئازارەی ژن دەکات. ((جار جار نیوەشەو تێنە شوێنم، مەلاَ دوێتەگانیان تێرم، زاینمەیان یان لەباریان بەمەی... بەس وەکەس نەیژیدها.

-ئەی چە لە مەلاَەگانیان کەید؟

-خودا زاند، بەمەیان ئەرا پاشاکوپری ئەرا قەورسان و شوێن گەمیان کەم...چە بکەم؟ قار خۆم بەس چارە نییە رووڵە.)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل٣٠]

ئەم شتە تەنیا تاوانی ژن نییە، تەنانەت ژن لێرەدا قوربانییە، چونکە لە زۆر باردا ئارەزووی ژنی تێدا نییە، بەڵکوو بە زۆر دەستدرێژی دەکرێتەسەر. ئەگەریش ئاشکرا بێت، ئەوا باوک و برای دەیکوژن، بۆیەیش (ئامە) وەکوو فریادڕەسی ژنان دەردەکەوێت. بۆیەیش ژن لێرەدا بووتە ڕەمزی خراپەکاری، بە ناڕاستەوخۆ ڕۆماننووس ئەوەمان نیشان دەدات، سەرچاوەی خراپەکارییەکە لەلایەن ئەو سێستەمە هەوەسبازی و عەوڕەتبازییە، کە پیاو ڕابەرایەتی دەکات. ئەگەرنا دەیان ژنی وەکوو (ئامە)ی ڕاستگۆ و چاکەخواز هەن، ئەوەتا (ئامە) کچەکانی فێری ڕاستگۆیی دەکات، هەر شتێکیان بەسەر بێت، بەکڕاست دێنەوە لای دایکیان باسی دەکەن.

یەکێکی دیکە لە تاوانەکان، کە دەخرێتە گەردنی ژنەوە، ئەویش نەزۆکییە. ئەم نەخۆشییە، نەخۆشییەکە تەنیا یەخەی ژن ناگرێت، بەڵکوو پیاویش تووشی دەبێت و بە هۆی کەمی سپێرمەوە ناتوانی منداڵ بخاتەوە. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی بابسالارییدا نەزۆکی هەمیشە دەخرێتە ملی ژنەوە. لەم ڕۆمانەدا ئەو ڕوانگەیە خراوەتەڕوو، کە چۆن پیاوەکان ئەو تاوانە دەخەنە ملی ژنەکانەوە. ئەوە گوناحێکە لە ملی ژن. ((ئافرەتە نەزۆکەکان زۆربەیان پاش ئەوەی زیاتر لە سەد شەو هەیێنی ئەم شەبەخوونییەیان کردبوو، دەهاتن دادەنیشتن. ئەو پیاوانە بە بەردەم مزگەوتا تێدەپەڕین بە ڕێککەوت یان بە مەبەست دەیوت:

ئەم دارەی من چەند ساڵێکە بەرناگرێ باوەڕیش ناکەم بێتەبەر.

ئەم ڕستەیە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە نەزۆکەی گوێی لێبووە، ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوێ و بگریت و بەیانیش لە داخی ئەم قسەیە لەگەڵ دراوسێکاندا فەرتەنەیەك ساز بكات.)) [مەنسور، ٢٠٠٤، ل٦٩] دیارە ئەمە نەخۆشییەکە هەر کەسێك هەیبێت، ئەوا تاوان نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی بابسالارییدا چونکە پیاو هەمیشە دەیەوێ لە دوای خۆی جێگرەوە دابنێت و کوڕی هەبێت، ئەمە بە گوناحی ژن دەزانێت. ئەم کلتوورە ڕیشەکەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە، زۆرن ئەو پیاوانەی تەنیا کچیان هەیە، کەچی ژنی دیکە دەهێنن بۆ ئەوەی کوڕیان ببێت. ئەم نەخۆشییە بە عەیبەیەکی گەورە دادەنرێت، ژن چەندی منداڵی ببێت ئەوا بە ژنێکی ڕەسەن و بەهێز دادەنرێت. ئەمەیش یەکێکە لەو تاوانانەی هەمیشە ژنی پێ تاوانبار دەکرێت. ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی هەموو ئەو ئازارانەی ژنی کورد تێیدا ژیاوە. نووسینێکی ژنانەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەوە تەنیا ژنە بوێرەکانن دەتوانن ئازارەکانی خۆیان و هاوڕەگەزی خۆیان باس بکەن، نەك پیاوێک، کە بەشێکە لە سێستەمی بابسالاری بێت و ئازارەکانی ژن باس بكات.

## ئەنجام

١. نووسینی ژنانە هەوڵێکە بۆ دەرچوون لە بێدەنگی، بۆ سەلماندنی تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی ژنان لە نووسیندا. نووسین لێرەدا دەبێتە پەیڤ، کردەوە. بە کورتی و کوردی ململانێ و هەوڵدانە بۆ بەشداریکردن لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی ڕۆشنبیری، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە تاکوو ئەم سەردەمەیش پیاو تێیدا باڵادەستە.

٢. لە کوردیدا چەمکی نووسینی ژنانە زۆر هونەریترە لە چەمکی نووسینی مێینە، چونکە لە هی یەکەمیاندا تایبەمەندی بۆ ژن تێدایە و تایبەتە بەو دەقانە لەلایەن ژنانەوە نووسراون، بەڵام چەمکی دووەم پتر جیاوازی ڕەگەزی تێدەکەوێ، بەوەی مادام نووسینی مێینەمان هەیە، ئەوا دەبێ نووسینی نێرینەیشمان هەبێت.

٣. زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانی (ئەڵوەن) زمانێکی ڕاستەوخۆ و واقیعیانەیە. خوێنەر هەست دەکات بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە دەخوێنێتەوە. یەکێک لە خاسیەتەکانی زمانی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانەکە بەسەرهاتی چەندین ژن و کچی ستەم لێکراو دەگێڕێتەوە، لێرەوە هەست بە زاڵبوونی زمانی ژنانە بەسەر ڕۆمانەکەدا دەکەین.

٤. لەم ڕۆمانەدا جەستەی کچ و ژن وەکوو ئامێری دامرکاندنەوەی هەوەس و ئارەزووی پیاو دەبیندرێت. جەستەی لەم ڕۆمانەدا قوربانییە، هەر کاتێك پیاو هەوەسی جووڵا، تاکە شتێک بتوانی ئەم هەوەسە دامرکێنێتەوە ئەوا جەستەی ژنە.

٥. لەم ڕۆمانەدا ژن ڕەمزی خراپەکارییە، هەرچی تاوان و خراپەکاری هەیە، سەرچاوەکەی بۆ ژن دەگەڕێتەوە، کەواتە ڕۆماننووس هەوڵی خستنەرووی ئەو گوتارە دەدات، کە ژن وەکوو خراپەکار دەبینێت.

٦. ڕۆمانە دەچێتە خانەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی گێڕانەوەی ژنانە بێتە ناو ڕۆمانی کوردییەوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم:کتێبی کوردی


١. ئەحمەدزادە (د.هاشم)، ٢٠١٢، زمان (ئەدەب و ناسنامە)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢. بێرتێنز (هانز)، ٢٠١٥، بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، و:عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٣. سارتەر (ژان پۆل)، ٢٠٠٩، ئەدەبی چییە؟، و:مستەفا غەفوور، دەزگای موکریان، هەولێر.

٤. سیوەیلی (ڕێبوار)، ٢٠٠١، کتێبی نالی، دەزگای موکریان، هەولێر.

٥. عەبدوڵلا (عەبدولموتەڵیب)، ٢٠١٢، پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەرایی دا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٦. مەنسور(ئەحلام)، ٢٠٠٤، ئەڵوەن، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧. هەندرێن، ٢٠١٠، زمان ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٨. وێبستەر (رۆجەر)، ٢٠١٧، لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئەدەبی، و:عەتا قەرەداغی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان. سلێمانی.

**دووەم: کتێبی عەرەبی**

٩. ابو النجا (د.شيرين)، ٢٠٠٢، نشائى ام نسوى، منشورات مكتبه الاسره، القاهره.

١٠. برهومه (عيسى): ٢٠٠٢: اللغه والجنس (حفريات لغويه فى الذكوره والانوثه)، الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

١١. بوشوشه (بن جمعه)، ٢٠٠٣، الروايه النسائيه المغاربيه، العربيه للنشر والاشهار، تونس.

١٢. الزهرانى (معجب)، ١٩٩٩، صوره الغرب فى كتابه المراه العربيه (افق التحولات الروايه العربيه)، الموسسه العربيه للنشر، بيروت.

١٣. طرابيشى (جورج)، ١٩٧٧، شرق وغرب، رجوله وانوثه، دراسه فى ازمه الجنس والحضاره فى الروايه العربيه، دار الطليعه، بيروت.

١٤. الغذامى (محمد عبدالله)، ١٩٩٦، المراه واللغه، المركز الثقافى العربى والدار البيضاء، بيروت.

١٥. كرام (زهور): ٢٠٠٤: السرد النسائى العربى (مقاربه فى المفهوم والخطاب، المدارس للنشر، المغرب.

١٦. مسعود (رشيده بن)، ٢٠٠٢، المراه والكتابه (الاختلاف وبلاغه الخصوصيه)، ط٢، افريقيا الشرق، المغرب.

# دَلالَةُ العُنوانِ وَالغِلافِ فِي السِّيرَةِ الذَّاتيَة (أثقل من رضوى) قراءة سيميائية

**فريدون بهاءالدين محيي الدين [١]، إسماعيل إبراهيم مصطفى برزنجي [٢]**

[١،٢]قسم اللغة العربية،كلية اللغات،جامعة السليمانية،السليمانية، إقليم كردستان،عراق

Corresponding author's e-mail: ismaeel.mustafa@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دەلالەتی ناونیشان و بەرگ لە بایۆگرافیادا (أثقل من رضوى) خوێندنەوەیەکی سیمیۆتیکی) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ڕوپەڕی بەرگ و ناونیشانی ئەو بەرهەمە کە هی ژنەڕۆماننوسی میسریی ڕەزوا عاشورە، ئەم بەرهەمە بە نەفەسێکی ڕۆمان ئامێز نووسراوە و جوانی و تایبەتمەندیی شێواز و بونیادە هونەریەکەی وایکردوە بە شاکارێکی گەورە ئەژمار بکرێت، هەر لە ناونیشانەوە خوێنەر ئاشنا دەبێت بە ناوەڕۆکی و تێدەگا کە ئەم نووسینە ڕاز و نیازی ژنێکی ماندوو و خاوەن پەیامە و دەیەوێ لە ڕێگای ئەدەبەکەیەوە خۆی بناسێنێت، ژنێک دامەزراو و بەهێز وەکو چیا لە بەرامبەر ناسۆرەکانی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەیدا، کە ترس و تۆقاندنی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئاسایشی میسریی نەیتوانیووە چۆکی پێدابدا و لە پەیامەکەی دایبڕێت، ئەو دەیەوێت ژیان لە چاوی ژنێکەوە بگێڕێتەوە.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٥ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠١٩/٩/٢١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٢/٣ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ismaeel.mustafa@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ \| م.م فريدون بهاء الدين محي الدين، أ.م.د. إسماعيل إبراهيم مصطفى برزنجي گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |